کوردی/سۆرانی

زانیاری بۆ عیراقییەکان

دەربارەی فرسەتی داواکردنی مۆڵەتی ئاسایی کار

ئەو عیراقییانەی کە جاران مۆڵەتی سنورداریان هەبوو لە نەرویج، ئەوانەی کە پێیان دەڵێن MUF (مۆڵەتی کاتی بەبێ مافی یەکگرتنەوە لەگەڵ خێزان)، ئەتوانن لە 2005/06/27 ەوە داوای مۆڵەتی ئاسایی کارکردن بکەن. دوواکات بۆ ناردنی داخوازنامە 2005/09/01 ە. ئەمەش لەیاسادا چەسپێندراوە بەپێی ڕێسایەکی کاتی کە لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و ناوچەییەوە دەرکراوە.

ئەم مۆڵەتە چۆنەو چی دەگرێتەوە؟

مۆڵەتی کارکردن هەر جارەو بۆ یەک ساڵ دەدرێت و دەتوانرێت تازەبکرێتەوە ئەگەر داواکار هەموو مەرجەکانی تیادابێت. مۆڵەتکە دەبێتە بناغەیەک بۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی (bosettingstillatelse). هەروەها ئەم مۆڵەتە مافی یەکگرتنەوەی خێزان (familiegjenforening) دەدات بەپێی چەند بریارێکی تر کە دووایی باس دەکرێن.

مەرجەکانی دانی ئەم مۆڵەتە:

1. تەنها موفەکان دەگرێتەوە

ئەم ڕێسا کاتییە تەنها ئەو عیراقییانەی خەڵکی باکور دەگرێتەوە کە لە ساڵی 1998، 1999 و 2000 دا هاتوونەتە نەرویج و مۆڵەتی موفیان وەرگرتووە. ئەم ڕێسایە ئەو عیراقییانەی تر ناگرێتەوە کە ڕەفزی کۆتاییان لەسەر داخوازنامەی مافی پەنابەری وەرگرتووە، هەرچەندە ئەگەر مۆڵەتی کاتیی کارکردنیشیان وەرگرتبێت لە دووای ڕەفزی کۆتایی. ئەگەر گومان هەبوو لە باری پەنابەری، ئەوا پۆلیس ئەتوانێت یارمەتی بدات لە دەرخستنی ئەوەدا کە داواکار مۆڵەتی موفی هەبووە یان نا.

2. ئەو کەسانە دەگرێتەوەکە کار دەکەن:

بۆ ئەوەی کە ئەم مۆڵەتە بەپێی ئەو ڕێسا نوێیە وەربگیرێت، دەبێ داواکار ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیادابێت:

- بەشێوەیەکی گشتی ئەبێت کەسی داواکار کاری تەواوی (100%) هەبێت.
- مووچەو هەل و مەرجی کارکردن نابێت خراپتر بێت لەوەی کەبەگشتی پەیرەو دەکرێت.
- ئەبێت کارەکە لە پێش 2005/04/01 دەستی پێ کردبێت.
- ئەگەر کارەکە لە نێوان 2005/04/01 و 01/2005/05 دا دەستی پێکردبێت، ئەوا ئەبێت داواکار پێشتر بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی ساڵێک کاری هەبووبێت لە نەرویج بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەم مۆڵەتە وەربگرێت.

داواکار دەتوانێت خاوەنکار بگۆڕێت (واز لەکاری ئێستای بێنێت و کارێکی تر دەست پێبکات) پێش ئەوەی کە مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی وەربگرێت، بەڵام پێویستە کە کارە نوێیەکەشی مەرجەکانی ڕێساکەی تیادا بێت.

ئەگەر داواکار واز لە کار بهێنێت پێش ئەوەی کە مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی وەربگرێت، ئەوا دەتوانرێت مۆڵەتی کارکردنی لێبسەندرێتەوە.

جگە لەمانەش، ئەم مۆڵەتە هەمان ماف و سنور دەدات بە مۆڵەتدار وەک ئەوانەی کە مۆڵەتی کاریان پێ دەدرێت لە نەرویج.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی مەرجەکانی بارودۆخی کار، تەماشای §2 ی UTHڕێسای بیانیHTU (utlendingsforskriften) بکە.

3. کەسی تاوانکەر ناگرێتەوە

ئەو کەسانەی کە کارێکی تاوانبارییان کردبێت (بە یاسای سزادان سزادرابن) لە نەرویج یان دەرەوەی نەرویج، ئەم مۆڵەتەیان پێ نادرێت. ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەسەر کێشەیەک بۆ زیاتر لە سێ 3 مانگ سزادرابن، بەهەمان شێوە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە ماوەی پێنج 5 ساڵی ڕابوردوودا لە دەرەوەی نەرویج لەسەر کێشەیەک سزادرابن کە بە پێی یاسای نەرویجی دەبێتە هۆی سزادان بە بەندکردن بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ. پۆلیس ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی دەکات ئەگەر کێشەیەکی تاوانکاری بەناوی داواکارەوە تۆمارکرابێت.

ئەگەر یەکێک کێشەیەکی تاوانکاری هەبێت کە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتبێت، ئەوا UDI (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری بیانی) داخوازنامەکەی ڕادەگرێت هەتا ئەو کێشەیە بریاری لەسەر دەدرێت.

4. مەرجی هەبوونی ناسنامەی دروست

ئەو داواکارانەی کە هیچ گومان لە سەر ناسنامەیان نییە، پێویست ناکات ناسنامەکانیان بە بەڵگەنامە بسەلمێنن. ئەو داواکارانەی کە گومان لەسەر ناسنامەیان هەیە، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە ناسنامەیەکی (ناو و زانیاریی کەسایەتی) تریان لە وولاتێکی تری ئەوروپادا داوە، پێویستە لەسەریان کە ڕاستیی ناسنامەی خۆیان بسەلمێنن لەڕێی پاسپۆرتێکی باوەڕپێکراو کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە دەرکرابێت.
گرنگ ئەوەیە کە ناسنامەی دروستی عیراقی لەگەڵ داخوازنامەکەدا ڕەوانە بکرێت، ئەوە هیچ کارێک ناکاتە سەر داخوازییەکە ئەگەر ئەو ناسنامەیەی کە ئێستا ڕەوانە دەکرێت جیاوازبێت لەوەی کە یەکەم جار لە نەویج دراوە.
ئەگەر داواکار نەتوانێت پاسپۆرتی عیراقی لەگەڵ داخوازنامەکەیدا بنێرێت پێش بەسەرچوونی دوواکاتی ناردنی داخوازنامە، ئەوا دەبێت داخوازنامەکەی بەبێ پاسپۆرت (پێش بەسەرچوونی دوواکاتەکە) ڕەوانە بکات و تیایدا ئاگادارمان بکات کە پاسپۆرتەکە پاشان دەنێردرێت.
ئەگەر UDI پێی وابێت کە هەموو مەرجەکان جێبەجێ کراون جگە لەمەرجی ناسنامەی دروست، ئەوا داواکار هاندەدرێت کە پاسپۆرتێکی عیراقی بنێرێت. لەم حاڵەتەدا، ئەو پێناس و بەڵگەنامانەی کە پێشتر نێردراون بۆ UDI دەگەڕێنرێنەوە بۆ داواکار.
ئەم مۆڵەتە دەبێتە بناغەیەک بۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی، لەبەرئەوە دەبێت داواکار ناسنامەی خۆی بسەلمێنێ بەپێی ئەو یاسایەنەی کەلە لایەن دەستەڵاتدارانی بیانییەوە چەسپێنراوون.

کۆمەکی بەرنامەی پێشکەش کردن ((introduksjonsstøtte نادرێت
ئەو داواکارانەی کە مۆڵەتی کاریان بەپێی ئەم ڕێسایە پێدەدرێت کۆمەکی بەرنامەی پێشکەشکردنیان پێ نادرێت.

دەربارەی مۆڵەتی کاتیی کارکردن بە پێی ڕێسای بیانی § 61، لقی 2:
ئەو داواکارانەی کە مۆڵەتی کاتیی کاریان هەیەو مۆڵەتەکەیان پێش بڕیاردان لەسەر داخوازنامەکەیان تەواو دەبێت، هەمان مۆڵەتیان هەیە هەتا کاتی بڕیاردان لەسەر داخوازنامەکەیان بۆ مۆڵەتی کاتیی کار بە پێی ئەم ڕێسا نوێیە. ئەمە بەمەرجێک کە داخوازییەکە پێش بەسەرچوونی دوواکاتی داواکردن ڕەوانەکرابێت.

ئەگەر داواکار مۆڵەتێکی کاتیی کاری وای هەبێت کە دووای ڕەفزی کۆتایی لەسەر داخوازیی مۆڵەتی کار بەپێی ئەم ڕێسا تازەیە بەسەر بچێت، ئەوا ئەو مۆڵەتە کاتییە کاری پێدەکرێت هەتا کاتەکەی تەواو دەبێت، ئەمە ئەگەر داواکار نەتوانرێت بەزۆر بنێردرێتەوە.

ئەو داواکارانەی کە کاری تاوانبارییان لەسەر تۆمارکراوەو داخوازنامەیان ڕەوانەکردووە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار بەپێی ئەم ڕێسا نوێیە، هەر حاڵەتەو بەتەنها و بۆخۆی هەڵدەسەنگێندرێت کە ئایا مۆڵەتی کاتیی کار بەو کەسە بدرێت یان نا، ئەمە لە کاتێکدا کە داواکارەکە چاوەڕێی چارەسەرکردنی داخوازییەکەی دەکات.

ئەو کەسانەی کە بڕیاری کۆتایی لەسەر داخوازی تازەکردنەوەی مۆڵەتی موقەکەیان نەدراوە (داخوازینامە لە 2001 ەوە) مافی مانەوەو کاردنیان دەمێنێ هەتا بڕیاری کۆتای لەسەر ئەو داخوازی تازەکردنەوەیە دەدرێت.

ئاگاداربە لەوەی کە بەتەنها ڕەوانەکردنی داخوازنامە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار بەپێی ئەم ڕێسا نوێیە مۆڵەتی کارکردن نادات لەکاتی هەڵسەنگاندنی داخوازییەکەدا.

مەرجەکانی یەکگرتنەوەی خێزان
(familiegjenforening)

- ئەم مۆڵەتە مافی یەکگرتنەوەی خێزان دەدات لەگەڵ کەس و کاری نزیک، ئەوانەی کە لە پێش 2005/04/01 دا هاتوونەتە نەرویج. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت میرانەیەک (gebyr) بەشێوەیەکی ئاسایی بدرێت.
- ئەو خێزانانەی کە لەدەرەوەی نەرویج دەژین یان دووای 2005/04/01 هاتوونەتە نەرویج، ئەبێت ساڵێک چاوەڕێ بکەن، واتە هەتا مۆڵەتی کارکردنەکە جارێک تازە دەکرێتەوە، ئەنجا داخوازی بۆ مافی یەکگرتنەوەی خێزان پێشکەش بکەن. هەموو ئەو داخوازنامانەی کە پێش ئەم کاتە ڕەوانە دەکرێن ڕەفز دەکرێن. داخوازیی یەکگرتنەوەی خێزان دەبێت لەسەر ڕێبازی دیاریکراو پێشکەش بکرێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، یاسای گشتیی یەکگرتنەوەی خێزان بەکاردەهێنرێت.
مەبەست لە کەس و کاری نزیک، بۆ نموونە، هاوسەر و منالە، تەماشای ڕێسای بیانی (utlendingsloven) § 23 بکە.

Utlendingsdirektoratet
Postboks 8108 Dep.
N-0032 Oslo
Kontoradresse:
Hausmannsgate 21
Telefon: (+47) 23 35 15 00
Faks: (+47) 23 35 15 15
www.udi.no
E-post: udi@udi.no
UDI Utlendingsdirektoratet
Sist oppdatert: 30.06.2005

بەڕێوەچوون و چۆنێتی هەڵسەنگاندنی داخوازنامە

هەڵسەنگاندنی داخوازنامە

UDI داخوازییەکان هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاریان لەسەر دەدات. لە حاڵەتی ڕفزدا ئەتوانرێت لە ماوەی سێ 3 هەفتەدا نارەزایینامە بنێردرێت. نارەزاییەکە لای پۆلیس پێشکەش دەکرێت و لەلایەن UDI ەوە هەڵدەسەنگێنرێت. ئەگەر نارەزاییەکە لای UDI بڕیاری لەسەر نەدرا، ئەوا کێشەکە دەنێردرێت بۆ کۆمیتەی کاروباری بیانییان (Utlendingsnemnda --UME) بۆ ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت. ئێمە لەو باوەڕەداین کە UDI بتوانێت لەماوەی شەش مانگدا بڕیار لەسەر زۆربەی داخوازییەکان بدات.

چۆنێتی بەڕێوەچوونی داخوازنامە

بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێسایە کەسێک بگرێتەوە، دەبێت ئەو کەسە بەتایبەتی داخوازنامە ڕەوانەبکات، ئەو داخوازنامانەی کە پێشتر ڕەوانەکراون بەپێی ئەم ڕێسایە هەڵناسەنگێندرێن. داخوازنامەکە ئەبێت بەشەخسی لە لای نزیکترین بنکەی پۆلیس تەسلیم بکرێت پێش 01/09/2005، ئەمە داخوازنامەی یەکگرتنەوەی خێزانیش دەگرێتەوە.
کە داخوازییەکە بڕیاری لەسەر درا، UDI بڕیارەکە دەنێرێ بۆ کەسی داواکار.
میرانەی تەسلیم کردنی داخوازینامە دەبێت بەپێی ڕێبازی دیاریکراو بدرێت.
UTHلینک بۆ دابەزاندنی فۆرمی داخوازیHTU.
پێویستە پەیرەوی ئەو ڕێنماییانە بکرێن کەلە UTHڕێسای HUDI دا (UDIs rundskriv) هەن.

بەڵگەنامەی پێویست

هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لەگەڵ داخوازنامەکەدا ڕەوانە دەکرێن ئەبێ یان ئەسڵی بن، یان کۆپی کە لەلایەن فەرمانگەیەکی گشتییەوە پەسەند کرابن.
پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە لەگەڵ داخوازنامەکەدا ڕەوانە بکرێن:

- کۆنتراکتی کار. هەروەها بەڵگەنامەی کاری سەربەخۆ (ئەگەر داواکار خۆی خاوەنکاری خۆی بێت). لێرەدا ئەبێت ماوەی کارو مووچە دیاری بکرێت.
- پسووڵەی مووچە (lønnslipp)، یان بەڵگەنامەی کاری سەربەخۆ، بۆسەلماندنی ئەوەی کە داواکار لە 2005/04/01 دا کاری هەبووەو باجی(skatt) داوە.
- ئەو داواکارانەی کەلە 2005/04/01 دا کاریان نەبووە ئەبێت ئەو بەڵگەنامانەی کە لە سەرەوە باسکراون ڕەوانەبکەن. جگە لەوانە، ئەبێت ئەوەش بسەلمێنن کە لە نەرویج کارێکیان هەبووە کە بەلایەنی کەمەوە ساڵێکی خایاندووە. ئەمەش ئەبێت لەڕێی پسووڵەی مووچەو پسووڵەی دانی باجەوە (trekkoppgave) بسەلمێنرێت.
- ئەگەر گومان هەبێت لە ناسنامەی داواکار، بۆ نمونە لەبەر ئەوەی کە ناسنامەی جیاوازی دابێت لە ووڵاتانی تر، ئەوا ئەبێت داواکار ناسنامەی خۆی بسەلمێنێت لەڕێی پاسپۆرتێکی باوەڕپێکراو کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە دەرکرابێت. نمونەی پاسپۆرتی باوەڕپێکراو ئەو پاسپۆرتانەن کەلە دووای 01/06/2004 ەوە دەرکراون. ئەگەر پاسپۆرتەکە لەگەڵ داخوازنامەکەدا ڕەوانە نەکرێت، ئەوا ئەبێت لە داخوازنامەکەدا ئەوە ڕابگەیەنرێت کە پاسپۆرتەکە پاشان ڕەوانە دەکرێت.U تەنها Uپاسپۆرتی ئەسڵی قبوڵ دەکرێت، کۆپی پەسەندکراو وەرناگیرێت.

ئەگەر داواکار زانیاریی وای لابێت کە پەیوەندیی هەبێت بە داخوازییەکەیەوەو گرنگ بێت بۆ هەڵسەنگاندنی داخوازییەکەی، ئەوا ئەبێت ئەو زانیاریە بسەلمێنرێت و ڕەوانە بکرێت.
داواکار ئەبێت وێنەی پاسپۆرت لەگەڵ داخوازنامەکەدا تەسلیم بکات. ئەمە داخوازنامەی یەکگرتنەوەی خێزانیش دەگرێتەوە.
ئەگەر بەڵگەنامەی پێویست لەگەڵ داخوازنامەکەدا ڕەوانە نەکرێت، ئەوا ئەبێت داواکار حساب بۆ ئەوە بکات کە هەڵسەنگاندنی داخوازییەکەی کاتێکی درێژتر ئەخایەنێت.

لەحاڵەتی ڕەفزدا

ئەو داواکارانەی کە داخوازیی مۆڵەتی کاریان بەپێی ئەم ڕێسا تازەیە ڕەفز دەکرێت پێویستە شانشینەکە (نەرویج) بەجێبهێڵن.

گەڕانەوە لەسەر خواستی خۆ

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچکردن (IOM) یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە لەسەر خواستی خۆیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ووڵاتی خۆیان. IOM مەسرەفی سەفەرەکە دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها یارمەتیش دەدات لە بەدەستخستنی بەڵگەنامەی سەفەرکردن. ئەتوانرێت بە تەلەفۆنی ژمارە 23105322 پەیوەندی لەگەڵ IOM بکرێت. هەروەها لە ڕێی Hwww.iom.no.

Utlendingsdirektoratet
Postboks 8108 Dep.
N-0032 Oslo
Kontoradresse:
Hausmannsgate 21
Telefon: (+47) 23 35 15 00
Faks: (+47) 23 35 15 15
www.udi.no
E-post: udi@udi.no
UDI Utlendingsdirektoratet
Sist oppdatert: 30.06.2005

بنەمای ئەو ڕێسا کاتییە

ئەو عیراقییانەی کە مۆڵەتی موفیان هەیە، لە دەوری ساڵی 1999 دا وەک داواکاری مافی پەنابەری هاتوونەتە نەرویج. لەبەرئەوەی کە مەرجەکانی پەنابەریان تیادا نەبوو، داخوازنامەکانیان ڕەفزکرا. لەبەر ئەوەی کە لەو کاتەدا نەئەتونرا بەزۆر بنێردرێنەوە بۆ وولاتی خۆیان، مۆڵەتێکی سنورداریان وەرگرت، کە پێی دەڵێن موف MUF. ئەو مۆڵەتە کە بەزۆری لە ساڵی 2000 دا درا، نەئەبووە بناغە بۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی و مافی یەکگرتنەوەی خێزان.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەم بڕیارە گرتنیەوە لە شارەوانییەکان (kommune) نیشتەجێبوون. ئەم مۆڵەتانە لە بەهاری ساڵی 2001 ەوە بەرەو تەواو بوون ئەڕۆشتن، لەبەر ئەوە بڕیار درا کە ئەو کەسانەی کە ئەیان ئەیانویست لە نەرویج بمێننەوە داوای تازەکردنەوەی مۆڵەتەکانیان بکەن و مافی ئیشکردنیان هەبێت هەتا بڕیاری کۆتایی لەسەر داواکارییەکانیان دەدرێ. دووای ڕەفزی کۆتایی لەسەر داخوازیی تازەکردنەوەی ئەو مۆڵەتانە، ئەم کەسانە بۆ ماوەی جیا جیا مۆڵەتی کاتیی کاریان هەبووە.

ژمارە

نزیکەی 1100 کەس ڕەفزی کۆتاییان وەرگرتووە لەسەر داخوازنامەی تازەکردنەوەی ئەم مۆڵەتانە. نزیکەی 300 کەسێک ماوون کە هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدراوە لەسەر داخوازیی تازەکردنەوەی مۆڵەتەکانیان کە لە ساڵی 2001 دا ڕەوانە کراوە. UDI نازانێت چەند لەم کەسانە تا ئێستا لە نەرویجن. نزیکەی 100 کەسێک لەڕێی IOM ەوە لە سەرخواستی خۆیان گەڕاونەتەوە بۆ وولاتی خۆیان، بەڵام زۆری تریشیان لەوانەیە نەرویجیان بەجێ هێشتبێت بەبێ ئەوەی کە پەیوەندییان کردبێت بە IOM ەوە.

UDI لەوباوەڕەدایە کە موفەکان لە هەزار کەس زیاتر نیین، بنەمای ئەم ژمارەیەش ئەوەیە کە لەماوەی ئەم ساڵەی پێسوودا نزیکەی 600 مۆڵەتی کاتیی کار دراوە بەم کەسانە، وە زۆربەی ئەو 300 داخوازیەی کە هێشتا بڕیاریان لەسەر نەدراوە هی کەسانێکن کە لە نەرویجدا دەژین. هەروەها چەند کەسانێکیش هەن کە هێشتا لە نەرویچ دەژین و داوای مۆڵەتی کاتیی کاریان نەکردووە، یان داوایان کردوەو ڕەفزیان وەرگرتووە.

جگە لەمانەش، نزیکەی 100 کەس لە کەس و کار (هاوسەرو منالّ) ی موفەکان لە دووای ساڵی 2001 ەوە وەک داواکاری مافی پەنابەری هاتوونەتە نەرویج و هێشتا داخوازییەکانیان بڕیاری لەسەر نەدراوە. هەروەها هەندێکیش لەم (کەس وکارانە) هەن کە ڕەفزی کۆتاییان وەرگرتووە لەسەر داخوازییەکانیان.

Utlendingsdirektoratet
Postboks 8108 Dep.
N-0032 Oslo
Kontoradresse:
Hausmannsgate 21
Telefon: (+47) 23 35 15 00
Faks: (+47) 23 35 15 15
www.udi.no
E-post: udi@udi.no
Sist oppdatert: 30.06.2005